# پەیامی کەرکووک

کەرکووك ئەگەر تاکە کوردێکیشی تێدا نەمینێت
هەر کوردستانە..

بارزانی نەمر

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە/ لقی ٣ ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووك دەری دەکات

ژمارە (٠) جۆزەردانی ٢٧٠٤ - ٧ حوزەیرانی ٢٠٠٤


# گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکووك ئەرکێکی نەتەوەییە

## پیرۆزبایینامەی سەرۆك بارزانی

## خەبات و قوربانیمان بۆ پۆست و دەسەڵات نەبووە بۆ عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵ بووە.



سەورۆك بارزانی لە رێوڕەسمی راگەیاندنی لیستی ناوی سەرۆك کۆماری عێراق و کابینەی وەزیران پەیڤەك پێشکەش کرد و تێیدا پیرۆزبایی لە غازی یاوەر سەرۆك کۆماری عێراق و د.رۆژ نوری شاوەیس و ئیبراهیم جەعفەری وەك جێگرانی سەرۆك و ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیرانی عێراق و جێگرەکەی و وەزیرەکان کرد. هەروەها ئاراستەکردنی سوپاسگوزاری بۆ باڵیۆز پۆل بریمەرو بلاك ویلێ و باڵیۆز ئیبراهیمی و تێکڕای یاریدەدەرانیان کە وەك سەرۆك ئاماژەی پێدا لەسەرخستنی پرۆسەکەدا هاریکارو پشتیوانی عێراقییەکان بوون. سوپاسگوزاریی تایبەتی سەرۆك بۆ دکتۆر عەدنان پاچەچی بوو کە وەك روونی کردەوە بە هەست بە لێپرسراوی رەچاوکردنی قۆناغی ئەمڕۆی عێراق هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەرانەو دڵسۆزانەی نیشانداو پرۆسەکەی بەرەو سەرخستن ئاراستە کرد. پاشان لە ناوەڕۆکی وتەکەیدا سەرۆك بارزانی رەوشەکەی شی کردەوەو ئاماژەی یاسای ئیدارەی دەوڵەت کرد، کە تیایدا هیچ لایەك تێکڕای ئامانج و خواستەکانی بەدی نەهات، بەڵام ئامادەسازییەکی لەباربوو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، لەبارەی هەڵوێستی گەلی کوردستان بەرامبەر بە پرۆسەی وەرگرتنی دەسەڵات، سەرۆك گووتی: ئێمەی کورد کە شێوەو پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتانەمان قبولێ کرد لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە قایل و رەزامەندبین، بەڵکو پەرۆشیمان بۆ بنیادنانی عێراقێکی دیموکراسی فیدرالی وای لێ کردین کە دەست لە مافی خۆمان هەڵبگرین، چونکە لە راستیدا دەبوو یەکێك لە سەرۆکایەتییەکان بۆ کوردبێت. ئێمە ئەو خوێن و قوربانییەی کە بەخشیمانەو ئەو خەبات وتێکۆشانەی کەکردمان بۆ وەرگرتن و وەدەست هێنانی پۆست و دەسەڵات نەبووە،بەڵکو بۆ بنیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراسی فیدرالی یەکگرتووە، کە تێکڕای عێراقییەکان ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیان هەبێت، هەر لە بەردەوامی خستنەڕووی هەڵوێستەکاندا سەرۆك گوتی: هەرگیز مەبەستمان وەرگرتن و بەدەست هێنانی پۆست و دەسەڵات نەبووە، چونکە لە سەردەمی سەدام پێشتریش کورد لە دەسەڵاتدا هەبوون، بەڵام تەنها نوێنەرایەتی خۆیان دەکردو نوێنەرایەتی گەلی کورد نەبوون.هەر بۆیە ئەوەی بەلامانەوە گرنگە کارکردنە بەناوەڕۆکی یاسای ئیدارەی دەوڵەت و پێشخستنی ئەو یاسایە کە دەبێتە بناغەی داڕشتنی دەستوورو جێگرکردنی فیدرالیەت. بۆ پتر روون کردنەوەی هەڵوێستەکانی ئایندەی نێزیك سەرۆك وتی: پێویستە کارکردن لەپێناو عێراقێکی دیموکراسی فیدرالی ئامانجی سەرەکییمان بێت هاوکات دابین کردنی ئارامی و ئاسایش بۆ سەقامگیرکردنی ژیانی هاووڵاتیانیش ئەرکێکی دیکەیە کە هەر لە ئێستاوە هاریکاری و پشتیوانی خۆمان بۆ سەرۆکی وڵات و حکومەتی کاتی لە بەجێ هێنانی ئەو ئەرکانە پیشان دەدەین.

## گەڕانەوە بۆ شاری کەرکوك ئەرکێکی نەتەوەییە

لوقمان عەبدوللەتیف



بەپیا چوونەوەیەکی خێرادا بە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا قەوارەی ئەو کاولکارییەمان دێتەوە بەرچاو کە بەسەر تەواوی میللەتی عێراقدا بەگشتی و کورد بەتایبەتی کە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا هاتووە ، لەپێش هەمووشیانەوە پێشێلکردن و ژێر پێخستنی مافەکانی مرۆڤی کورد کە لە لایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە دژی ئەو میللەتە ئەنجامدراوە کردەوەکانی رژێمی عێراقی لەناو چوو وە هەموو یاساکانی مافی مرۆڤـ ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە........

بۆل٣

## پەیامی کەرکووك

نەجات حەسەن

دەخوازم لە سالی ( ١٩٦٣ ) وە دەست پێبکەم،کە دەسپێکی بلاوکردنەوەی ترس و هەرەشەو بە زۆر سەپاندنی بیرو رای بەرتەسکی بەعسیانە و دەست بەسەرا گرتنی سامانی هاولاتیانیکورد لەشارەکەمان کەرکوك بوو.

ئەمە جگە لە راوەدونان و کاولکردنی هەزاران خانوو لە گەرەکە کوردنشینەکان بە تایبەت خانوەکانی گەرەکی جمهوری ووەدەرنانی خەلکی سڤیلی کورد لە گوندەکانی دەوروبەری گێلکە نەوتیەکانی نزیك کەرکوك وهێنانی عەرەب بۆشوێنیان بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە،ولەسێدارەدانی دەیان لە تێکۆشەرانی شارەکەمان و شوێن بەزرکردنی دەیانی تر.

بەعس بە چری کاری لەسەر سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچەکە کرد،ئەو سیاسەتە لەسالأنی دواتر فراوانتر کراو بەردەوام بوو تا رووخانی دیکتاتۆریەت و لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی حزبی بەعس.

ئەو دیمەنە تراژیدیانە لە ناخی تاکی شار،ئاسەوارەکانی ئەو سیاسەتە چەوتانەش وا بەسانایی ناسردرێنەوە،بەلکو ئەرکمان بەرامبەر گۆرینی سیمای شیواوی شار،دروستکردنەوەی کەسایەتی رۆلەکانی شارەکەمان،لەگەل ئاوەدانکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان،گێرانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و زێدی رەسەنیان،بەو ئامانجە پیرۆزەمان دەگەیەنێ کە ئێستا سەرکردایەتی پارتی دیمورکاتی کوردستان کاری لەسەر دەکات.

سیاسەتی شۆڤێنی و بیری تەسکی حزبی بەعس کە لەسالی (١٩٦٨) بەیەکجاری دەسەلأتی تاك رەوی بەسەرگەلانی ئێراقدا سەپاند فراوانتر بوو،لەوێوە مەینەتیەکانی گەلەکەمان لە کەرکوك بەتایبەتی وجەماوەری کوردستان بەگشتی گەیشتە چلە پۆپەو کارەساتی ئەنفال و کیمابارانکردن و سوتاندن و رووخاندنی هەزاران لە گوندەکانی کوردستانی گرتەوە،ئیرادەی پۆلاینی جەماوەری کوردستان لەو پیلانانە بە هێزتر بوو،بیگومان پایەو رۆلی بارزانی نەمر لەرابەرایەتی کردنی شۆرش وگەلی کوردستان لە قوناغە جیاجیاکاندا ئەو زەروورەتەی خولقاند کە کورد لە هەرەشەی ترسناکی شوڤێنیە دەسەلأتدارەکان هۆشیارو ئامادەی رووبەروو بوونەوە بکات.

گەر چی ئەو قوناغەنەمان بە زەحمەت و بەخەباتی درێژی گەلەکەمان و خوێنی شەهیدان بەسەرکەوتویی بری،ئەمێستا ئێمەو جەماوەر بەرپرسیارین بەرامبەر ئەودەسکەوتانەی وەدەست هاتون و ئەوەی ماوە بۆ وەدەستهێنانی چی بکرێت:

بۆ پاراستنی سەروەرێتی کوردستانی بونی کەرکوك چی بکرێت باشە ؟

چی بکرێت شارەکەمان بۆ باوەشی گەرمی کوردستان بگەرێنینەوە؟

کە تا هەنوکە و دلنیاشم لەئایندەش ئەو هەرەشەیەمان لەسەر بێت،کە سالأنێکە بە بەرنامەی جیاواز ناحەزان کاری بۆ دەکەن،نەخشەی دابرانی لە کوردستان بۆ دەکێشن.

لە یادمانە لە راپەرینی بەهاری سالی (١٩٩١) شارەکەمان بۆ چەند رۆژێك ئازادکرا،بە ئازادکردنی کەرکوك کوردستان تاجە گولینەی ئازادی لەسەرنا،لێ بەداخەوە تەمەنی ئەو سەرفرازیە کورت بوو،بەلأم چەند رۆژێکی کەم لە ئازادی کەرکوك پر مانا و دەسکەوتێکی گەورەی مێژوو بو بۆ گەلەکەمان.

ئێستا هەموان لێرەین لە کەرکوك،ئازادین،بەلأم بە جۆرێکی تر،هێزەکانی هاوپەیمانیش لەگەلماندا شار لەهەرەشەو کاری تیرورستی دەپارێزن،ئیدارەی دەکەن،گەرچی ئێمە باری سەرنجمان لەسەر (C P A) هەیە بەوەی هاوکێشەی سیاسی و ئیداری و جەماوەری وەك یەك تەماشا دەکا لە شارەکەمان،ئەمەش نارەوایەتیە و پشتگوێخستنی راستیە مێژوویی و سیاسی و کۆمەلأیەتیەکانە لە کەرکوك،بەلێ بەلای ئێمەوە ئەمە خوێندنەوەیەکی ناواقعیانە و نارەوایە،کە دەکرێ و دەبێ کار لەسەر بنەما مێژوویی و راستییە کۆمەلایەتیەکان رێژەی پێویستی دانیشتوانی رەسەنی کەرکوك بگێرێ،کارکردنیش بەم بنەمایە دەبێتە رەنگدانەوەی ویست و ئامانجەکانی دانیشتوانی شارەکەمان.

ئایندەی کەرکوك ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی مێژووییە لەسەر شانی هەمووان،کەرکوکێکان بەتایبەت دەبێ ئەم بارودۆخە بکەنە پرسیارو رووبەرووی دەسەلأتی بکەنەوە،من لەناخی هاوشارانم دەگەم لێ دەبێت ئەو ئامانجانە وەرژم بۆ سەر دەسەلأت و ئیدارەی شار دروست بکەن،مافی هەموانە بەپرسین چارەنوسی شارەکەمان چۆن دەکەوێتەوە؟

شار دەگەرێتەوە باوەشی ئەسلی خۆی؟یان بەشێوەیەکی تایبەت دوور لە ئاوات و ئارەزووەکانی جەماوەری گەلی کوردستان دەمێنێتەوە؟.

بۆ تیشك خستنە سەر ئەو پرسانە دەبێژم:

پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو پارتێکی رەسەنی کوردایەتی و دیموکراتی لە سەردەمی دەسەلاتی بە هێزی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێراق و بیری شۆفێنی عەرەبی بەو پەری لێهاتوییەوە داکوکی لە ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوك کردوە،لەو گفتوگۆ یەك لەدوا یەکاندا کەرکوك خالێکی گرنگ و بگرە ناکۆکی ووتووێژەکان بوە،بۆیە دەست هەلگرتنی کورد لەکەرکوك وەکو سەرۆك بارزانی لە چەند بۆنەو دیداری جیاوازدا دووپاتی کردوەتەوە کە مومکین نیە.

ئەمە بەشێکی بچوکی سەربوردەو مێژووی شارەکەمان بوو لە جولانەوەی رزگاریخوازی کوردایەتی کە پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان رابەرایەتی کردوە،هەربۆیە ئێستاش لەو ئازادیە کە بەرهەم هاتوە لەشاری کەرکوك ناحەزانی کورد و دیموکراسی وادەزانن بە شەهیدکردنی کادیرانی لێهاتووی کورد لە پۆستە ئیدارییەکانی شارەکەمان بەر بەو کاروانە دەگرن،کە رزگاری و سەرفرازی کەرکوك وەدەست دێنێ،یان بە هەرەشەو گورەشەی کاری تیرورستی لە رۆلەکانی کورد بە شێوازی جۆراو جۆر لەم شارە کە کورد وەکو نەتەوەیەکی کارا قۆلی لێ هەلمالیوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وچەسپاندنی سەروەرێتی یاسا،ناحەزان کالفامن نە هەرەشەی تیروریستان نەیش بیری شوڤێنیان لەو بریارەی کە گەلی کورد داویەتی ساردو ژیوان ناکاتەوە،گەلی کورد بریاری داوە تا گەرانەوەی کەرکوك بۆ باوەشی پر سۆزی کوردستان نەسرەوێت،تا گولزاری جوانی باخچەی کەرکوك رەنگین و بۆن خۆشتر نەکات،ناسرەوێت تا گیانی برایەتی وپێکەوە ژیان قولتر نەکەین،ناسرەوین تا سەلماندنی ئەو راستیانە.

ئێمەی کەرکوکی بێ نازی و ژیانی دوور لە شاری باوپاپیرانمان چەشتوە، ئەرکمان لەم قۆناغە هەستیارەدا دەخوازێ بەو بیرەوە ستراتیژییەتمان یەك بخەین بۆ سەرخستنی ئەم ئەزموونەو بە دەستهێنانی تەواوی مافەکانمان،هەربۆیە لە دوماهیدا دەبێژم:

خەلکی کەرکوك بەتایبەت و گەلی کوردستان بەگشتی دلنیا بن ئایندەی شارەکەمان، لە دەستێکی ئەمیندایە ئەو دەستەیش لە بیرو ئاکارو رەفتاری حکیمانەی سەرۆك بارزانی خۆی دەبینێتەوە.